وەزارەتی ڕۆشنبیری هەرێمی ناڕەزایی دژی بڕیارەکی حکومەتی عێراق دەربڕی

وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ناڕەزایی دژ بە بڕیارەکی وەزارەتی خوێندنی باڵای عیراق تایبەت بە قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە زانکۆکانی کەرکوك و موسڵ و دیالە دەردەبڕێت و ئاماژەی بۆکرد: بڕیارەکی پێچەوانەی دەستوور و یاسایە و دەبێ بڕپرسانی دەرکردنی ئەو بڕیارە بووبێووی لێپرسینەوەی یاسایی بکرێنەوە.

وەزارەتەکە لە ڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە، بەداخەوە، بە بڕیاری ژمارە (6496)ی ڕێژی 16ـی تەممووزی 2025ی وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق، کە ئاراستەی زانکۆکانی مووسڵ، کەرکووك و دیالەی کردووە، فەرمانیکردووە، پرسیاری تاقیکردنەوەکان نەکرێنە کوردی.

ئاماژە بەوەشکراوە، دەرکردنی ئەم بڕیارە لە کاتێکدایە، بە گوێرەی ماددەی (4)، بڕگەی یەکەمی دەستووری عێراق، زمانی کوردی شانبەشانی زمانی عەرەبی، زمانی ڕەسمییە لە دەوڵەتدا.

وەزارەتی ڕۆشنبیری جەختی لەوەکردووەتەوە کە ئەو بڕیارە پێچەوانەی ماددەکان و ناوەڕۆکی یاسای

ژمارە (7)ی ساڵی 2014ی تایبەت بە زمانە فەسمییەکانی عێراق، کە لە ژمارە (4311)ی ڕۆژنامەی وەقائیعی عێراق لە شوباتی 2014 بڵاوکراوەتەوە و لە ماددەی سێیەمی یاساکەدا زێر بە هووەنی هاتووە، زمانی عەرەبی و زمانی کوردی دوو زمانی فەسمین لە عێراقدا.

وەزارەتەکە وەڵای ئیدانەکردنی ئەو بڕیارەی وەزارەتی خوێندنی باڵای عێراق، داواشی لە دامەزراوە دەستوورییەکانی عێراق کردووە، سەرەڕای هەوەشاندنەوەی بڕیارەکە، ئیدانەی هەر جۆرە بڕیارێکی نادەستووری لەو شێوەیە بکەن و بەرپرسانی دەرکردنی ئەو بڕیارە هووبەووی لێپرسینەوەی یاسایی بکەنەوە.

بڕیارەکەی وەزارەتی خوێندنی باڵای عیراق، کاردانەوەی تووندی لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان لێکەوتەوە، هەر ئەمەش نوسینگەی ڕاگەیاندنی، وەزیری داد-ی حکومەتی عیراق، لە ڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە، خالید شوانی لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ وەزیری خوێندی باڵای فیدراڵ، تاوتوێی کۆشەی دوا نوسراوی وەزارەتی خوێندی باڵایان کرد کە تایبەت بوو بە ئیعتمادکردنی تەنها زمانی عەربی لە تاقیکرنەوەکانی زانکۆی کەرکوك و زانکۆکانی تر و قەدەغەکردنی تەرجەمەی پرسیارەکان وەڵامدانەوە بە زمانی کوردی. وەزیری خوێندنی باڵای عیراق بڕیاری چارەسەرکردنی کۆشکێی دا و تاقیکرنەوەکان بە هەمان میکانزمی ساڵانی ڕابردوو بەڕێوەدەچێت.